


## خوێندنەوەیەک بۆ سەرمایەو سەرمایەداری نیشتمانیی لەکوردستان

# لەغیابی سەرمایەداری نیشتمانی دا ک

**هاتنە دەرەوەی حکومەت لەئابووری بازاڕ و رووکردنە چارەسەری کێشەکان، بەسەرەتای چارەسەرکردنی لاوازی کەرتی تایبەت دادەنرێت**

**لەکوردستان مەزەندە دەکرێت چەندین ملیاردێرو سەرمایەداری تێدا بێت و، زیاترلە ٣٠ ملیار دۆلار سەرمایەی خەوتوو هەبێت**

لەهەرێمی کوردستان پارەدار هەیە، بەڵام سەرمایەداری نیشتمانی نییە، هەلی کار هەیە بەڵام لاوازی و کەمی پرۆژەی بەرهەمهێن هەیە، تارادەیەك ژینگەی وەبەرهێنان بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە لەبارە، بەڵام وەبەرهێنی ناوخۆ لەو ئاستەدا نەبووە هەلەکە بقۆزێتەوەو ببێتە خاوەنی پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورەو ستراتیژی، ئاستی وەبەرهێنانی بیانی لە ١٢ ملیار دۆلار تێپەڕی کردووەو پتر لە٩٥٠٠ کۆمپانیا لەم هەرێمەدا بوونیان هەیە لەناویاندا زیاتر لە١٠٠٠ کۆمپانیای بیانی هەیە کە ٦٠٪یان تورکین، کەچی زۆربەی دەوڵەمەندەکانی کوردستانroویان لەدوبەیی و ئوردن و تورکیا کردووە، لەناوخۆی هەرێمەکەشدا تەنیا سەرقاڵی کاری بازرگانی و لاسایکردنەوەن و دوورن لەبوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە، زۆربەی سەرمایەدارانی وڵاتی ئێمە لەبری ئەوەی سیستەمی کۆنی بازاڕو شێوازی تەقلیدی بەڕێوەچوونی ئابووری بگۆڕن و، فێری کارو بازرگانی هاوبەش بن و ئابووری بەرەو بەدامەزراویبوون بەرن، روویانکردۆتە فرتوفێڵ و گرانکردنی بازاڕو هێنانی کاڵاو کەلوپەلی ئێکسپایەرو خراپ، وەك ئەوەی ئابووری بازاڕو بارودۆخە راگوزەرەکەی کوردستانیان قۆزتبێتەوە تەنیا بۆ بەرژەوەندی شەخسی و لەماراسۆنێکدا بن بۆ پڕکردنی گیرفانیان لەسەر حسابی زۆرینەی هاوڵاتییانی هەژارو چینی مامناوەند. ئەوەندەی بازرگان و سەرمایەداری کورد لەدوبەیی و تورکیاو عەمان کارو وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن، ئەوەندە لەهەرێمی کوردستان کاری بازرگانی و وەبەرهێنانی گەورەیان نییە.

چەندین بیزنسمان و سەرمایەداری کورد هەیە لەوڵاتانی ئەوروپاو کەنداوو تورکیاو لوبنان، لەکاتی قەیرانە داراییەکەی جیهان و کەمبوونەوەی هەلی کار کوردستانیان بیرکەوتەوە، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی زیانەکانیان و قەرەبووکردنەوەی بێبازاڕییەکەیان..

لەهەرێمێکداین پارەدار خاوەنی عەقڵییەت و فەرهەنگی وەبەرهێنان نییە

کۆمەڵگای کوردستان هەژار نییە و خاوەنی سەرمایەو دەوڵەمەندی زۆرە، مەرج نییە ئەو هەژارییەی دووچاری کۆمەڵگای کوردستانی بووە بۆ نەبوونی



# ـــەرتی تایبەت بەرەو شکست دەچێت

**زۆربەی سەرمایەدارانی وڵاتی ئێمە لەبری ئەوەی سیستەمی کۆنی بازاڕو شێوازی تەقلیدی بەڕێوەچوونی ئابووری بگۆڕن، لەماراسۆنێکدان بۆ پڕکردنی گیرفانیان لەسەر حسابی زۆرینەی هاوڵاتییانی هەژارو چینی مامناوەند**

سەرمایە بگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ نەبوونی سەرمایەداری نیشتمانی دەگەڕێتەوە. ئالێرەدا دەستەی وەبەرهێنان لەبەردەم تاقیکردنەوەو تەحەددایەکی قورسدایە دوای ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوو لەهەوڵێکی زۆردا بوو لەپێناو راکێشانی وەبەرهێنی بیانی بۆ هەرێمەکە، کەچی پارەدارو دەوڵەمەندە بازرگان و سیاسەتمەدارەکان سەرقاڵی ئاودیوکردنی سەرمایەکانیان بوون بۆ وڵاتانی بیانی، واتە لەهەرێمێکداین تاکو ئێستا پارەدار تێیدا خاوەنی عەقڵییەت و فەرهەنگی وەبەرهێنان نییە، ئەمەش بۆ غیابی هەستی نیشتمانپەروەریی و خراپی سیستەمی کارگێڕی و نەبوونی دامەزراویبوون و ستراتیژییەت دەگەڕێتەوە، کەبۆتە هۆی نەبوونی سەرمایەداری نیشتمانی. گەڕانەوەی پارەی ئاودیوکراوو دروستکردنی سەرمایەداری نیشتمانی و ئاراستەکردنیان بۆ کەرتی بەرهەمهێنان تەحەددایەکی گەورەیە رەنگە لەو تەحەددایە گەورەتر بێت کە هەوڵی راکێشانی وەبەرهێنەری بیانی دەدات؟ لەهەردوو بواردا سەرکەوتوو نەبووین و هەوڵەکانمان بەپێی خواست و ئومێداکانمان نین، ئەوەتا لە٢٠٠٦ەوە تاکو ٢٠١٠ مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ ٢٤١ پرۆژە دراوە، زۆربەی ئەم مۆڵەتانە دراوە بەبوارەکانی نیشتەجێبوون و کەرتی مەسرەفی و گەشتوگوزار، لە کاتێکدا بۆ کەرتی پیشەسازی تەنیا ١,٦ ملیار دۆلار چووە، بەمەش زۆربەی پرۆژە وەبەرهێنەکان ئاراستەی

**چەندین بیزنسمان و سەرمایەداری کورد هەیە لەوڵاتانی ئەورووپاو کەنداوو تورکیاو لوبنان، لەکاتی قەیرانە داراییەکەی جیهان و کەمبوونەوەی هەلی کار کوردستانیان بیرکەوتەوە، ئەویش بۆ پڕکردنەوەی زیانەکانیان و قەرەبووکردنەوەی بێبازاڕییەکانیان**

**دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان و ئەو یارمەتیی و ئیمتیازاتانەی چەند ساڵی رابردوو پێشکەش بەپارەدارو دەوڵەمەندەکانی کوردستانی کرا، نەبووەتە هۆی فراوانکردنی پانتایی وەبەرهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی**

کەرتەکانی ( بازرگانی و نیشتەجێبوونێکی سنووردار..) کراوەو، کەرتەکانی ( کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار) بەشێکی کەمیانە بەرکەوتووە، دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان و ئەو یارمەتیی و ئیمتیازاتانەی چەند ساڵی رابردوو پێشکەش بەپارەدارو دەوڵەمەندەکانی کوردستانی کرا، نەبووە هۆی فراوانکردنی پانتایی وەبەرهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵی لەم هەرێمەدا، ژمارەی ئەو بیزنسمان و سەرمایەدارەی لەپرۆژەی بەرهەمهێنان و ستراتیژی و گەورەو تەنانەت خێرخوازی و کۆمەڵایەتی کار دەکات بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێت، بەدەگمەن سەرمایەدارێکی کورد دەدۆزیتەوە وەکو ئەو وەبەرهێنە کوردەی کە نزیکەی ملیارو نیوێك دۆلاری لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا تەرخانکردووەو سێ پرۆژەی ویستگەی غازی بەرهەمهێنانی کارەبای لەهەرسێ پارێزگاکە دامەزراندووە.. ئەمە لەکاتێکدا لەکوردستان مەزەندە دەکرێت چەندین ملیاردێرو سەرمایەداری تێدا بێت و زیاترلە ٣٠ ملیار دۆلار سەرمایەی خەوتوو هەبێت، گەرچی ئامارێك بۆ ملیاردێرەکانی کوردستان نییە بەڵام هەموو ئاماژەو پێوەرەکان ئەو راستییە دەردەخەن کەخاوەنی دەیان ملیاردێرین، گەر سەرمایەکانیان بەگەڕبخەن کوردستان دەبێتە هەرێمێکی دەوڵەمەندی جیهان. سەرمایە پێوەرێکە بۆ دەوڵەمەندی هەر کۆمەڵگاو وڵاتێك و بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری چێی بایەخ و گرنگییە، زۆرجار شەڕو ململانێ توندەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن یاخود ئەو شەڕو ململانێیانەی دەکەوێتەوە لە نێوان پارت و گروپەکان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و زیادکردنی نفووز، هەرهەمووی شوێنەواری خراپی ئابووری لێدەکەوێتەوەو ئاستەنگی بەردەم (گەشەکردنی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی ئابووریی )یە، بۆیە پارت و دەسەڵاتی سیاسی ئەرکی سەرشانیانە تێکەڵ بەبواری بازرگانی نەبن و لەڕێگای هاندانی حکومەتەوە تەنیا ڕێنیشاندەرو ئاراستەو چاودێربن و ئاستەنگ لەبەردەم گەیشتن بەئابووری بازاڕ دانەنێن. تێکەڵبوونی سەرمایەدارو سیاسەتمەدار دۆخێکی ناسروشتی لێدەکەوێتەوەو نادادپەروەریی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت،پێش ئەوەی بمانگەیەنێتە ئابووری بازاڕ دادەچۆڕێینە ناو ئابوورییەکی شەخسی و حیزبی..

سەرمایەداری کوردستانی بازاڕو ئابووری دروستی نەکردووە

دۆخێکی ناسروشتی و ململانێی سیاسی دروستی کردووە

شۆڕشی پیشەسازی لەئەوروپا سەرمایەو سەرمایەداری خوڵقاند، لەعێراق لەڕێگای ئابووری جەنك و سیاسەتی چەوتی بەعسییەکانەوە سەرمایەدارێکی مشەخۆری بەرهەمهێنا، وەکو میراتییەکیش بۆمان ماوەتەوەو تێکەڵ بەکلتوورو فەرهەنگی ئابووریمان بووە. کاتێك مارکس لەئابووری دا سەرمایەداری بەترسنۆك ناوبرد، لەو روانگەیەوە بوو سەرمایەدار بەکەڵکی شۆڕش نایەت، هەروەکو چۆن سیاسەتمەداریش بازرگان و بیزنسمانێکی باش نییە و زیان بەپرۆسەی دیموکراسی و ئابووری بازاڕ دەگەیەنێت.نەبوونی سیستەمێك بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری پشێوی و بێسەروبەری لێدەکەوێتەوە دۆخێکی وا دروست دەکات دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەند ترو هەژارەکان هەژارتر دەکات. کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆری دا تاوەکو ئەم واقیعە بگۆڕێت کەشوێنەواری کەڵەکە بووی چەندین ساڵە، سەرەتاو هەنگاوێکی باش بوو دەکرێت بەنەخشەی ڕێگا دانرێت، هەرئەم خاڵەش وای لەلیستی هاوپەیمانی کوردستان کرد لەبەرنامەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا لەچەند تەوەرەیەکدا جەخت لەسەر کەرتی تایبەت بکاتەوە، بەوەی (یاسا رێکخەری کێبرکێکان بێ بەقازانجی زۆرینەی هاوڵاتییان..)، هاوکات ئەم لیستە تێدەکۆشێت لەپێناو پشتگیریکردنی سەرمایەی نیشتمانی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش هانی هەموو جۆرە پیشەسازی گەورەو مامناوەند و پرۆژە بچووکەکان دەدات، ئەمەش لەو روانگەیەوە هاتووە لەعێراق و کوردستان پشێویی و کەموکورتییەکی رادەبەدەر هەیەو بیزنسمانی نیشتمانی دروست نەبووە، هۆکارو دەرئەنجامی کەوتنەوەی ئەو بێسەروبەریی یە دەمانباتە ئەو خاڵەی کەتاکو ئێستا کلتوورو رۆشنبیری دروستبوونی وەبەرهێنان سەرمایەدار نی یە، لەم هەرێمەدا سەرمایەدار بازاڕو ئابووری دروستی نەکردووە، بەڵکو دۆخێکی ناسروشتی و ململانێی سیاسی دروستی کردووە، بۆچی پارەدارو دەوڵەمەندە کوردستانییەکان روویان لە کەرتی بەرهەمهێنان نەکردوو، ئەو قازانج و دەستکەوتەی دەستیان دەکەوێت دووبارە لەبواری پێشکەوتن و پەرەپێدانی کارەکەیاندا بەکاری ناهێنن؟ دووبارە بەکارنەهێنانەوەی ئەو سەرمایە هەڵگیراوە یاخود پاشەکەوتە مردووە ئارەزوویەکی هەڵەیەو نیشانەیەکە بۆ لاوازی بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی کەرتی تایبەت؟ هەموو تیورە کۆنەکانی ئادەم سمیس و کینز لەبواری پاشەکەوتکردندا ئاماژە بەگرنگی ئەم پاشەکەوتەو سەرمایە هەڵگیراوە دەکەن، گەر بێتوو لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و ئابووری بەگەڕ بخرێتەوە.

مەرجی سەرکەوتنی هەموو حکومەتێك بوونی سەرمایەو کۆمپانیاو دامەزراویبوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێزە

جیهانگیری لەوڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوودا دۆخێکی وای دروستکردووە دابەشبوونی سەرمایەو سەرمایەداران دادپەروەرییەکی تێبکەوێت و بۆ ئەو شوێنانە بگوازرێتەوە کە سەرمایەی کەمی تێدایە، لەعێراق و کوردستان بەپێچەوانە کەوتۆتەوە سەرمایەداران بەدرێژایی چەند ساڵی گەمارۆو تاکو ئێستا سەرمایەکانیان ئاودیوی وڵاتانی دەوروبەروو کەنداوو ئەوروپا دەکەن، لەکاتێکدا دەکرێت لەهەرێمی کوردستان





بەکاری بهێنن و چەندینجاریش لە دووبارە بەکارهێنانەوەی سوودمەندبن. نەبوونی یاساکانی پاراستنی مافی بەکارهێنەرو بنبڕکردنی قۆرخکاری زیانێکی گەورەی لێکەوتەوە، کارکردن لەکەرتی گشتی بەراورد بەکەرتی تایبەت لەبارتر بوو، پشتگوێخستنی یاسای کار لەلایەن خوودی دەوڵەمەندەکان و بیزنسمانە بچووکەکانی کوردستانەوە نیشانەی هەرەمەکی کەرتەکەو بێسەروبەرییە! لەوڵاتانی پێشکەوتوو خەڵکی حەزدەکەن لەکەرتی تایبەت کار بکەن، لێرە دۆخەکە ڕێك پێچەوانەیە خەڵکی بەراورد بەکەرتی تایبەت ئومێدێکی زۆرتریان بەکارکردنە لەکەرتی حکومی. مەرجی سەرکەوتنی هەموو حکومەتێك بوونی سەرمایەو کۆمپانیاو دامەزراویبوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێزە، کە تێیدا زۆرینەی هاوڵاتییان بەشداربن لەپرۆسەی ئابووری و زۆرترین سەرمایەداری نیشتمانی لەخۆ گرتبێت،بەڵام ئەم کەرتی گشتییە بەتەنیا ناتوانێت بگاتە قۆناغی پەرەپێدان بەتایبەت دوای تەرخانکردنی ٣٠٪ی بودجەی ٢٠١٠ ی هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنان، ئەم بەشە تەرخانکراوە کەمەی بودجە لەتوانایدا نییە کەرتێکی تایبەتی بەهێزو سەرمایەداری نیشتمانی دروست بکات، کەلەخەمی پێشخستنی پرۆژە گەورەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا بێت و کەمێك ئەرك و تەمویلی سەرشانی حکومەت سووك بکات تاوەکو حکومەت رووبکاتە کەرتەکانی تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاری و پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی هەرێم.

**دەوڵەمەندەکانی کوردستان کەرتی تایبەتییان لاواز کردووە**

سیستەمی ئیشتراکی و سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی بەغدا، کەتاکو ئێستا بەردەوامەو ئابووری کردۆتە قوربانی سیاسەتی میلیشیات و پارتی ئاینی توندڕەو، میراتیی و پاشکەوتەیەکی پشێوو وێرانی بۆبەجێ هێشتووین، لەناوخۆی هەرێمەکەشدا نەمانتوانی ببینە خاوەنی فەلسەفەو سیاسەتێکی ئابووری خاوەن بەرنامەو پلان، بگرە لاسەنگییەك بەبودجەی ٢٠١٠ ی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەیە بەوەی بەشی زۆری ئەو بودجەیە بۆ بەگەرخستنی حکومەت و مووچەو زیادکردنی مووچە دەڕوات و ٣٠٪ ی ئەو بودجەیە بۆ وەبەرهێنان دەچێت، تەنانەت لەبوودجەی خەمڵێنراودا ئاماژە بۆ کورتهێنانی بوودجە کراوە، ئابووری شەخسی و بەرژەوەندی تایبەتی ئەوەندەی تری بارودۆخەکە شێواندووە، کێشەکە لەوەدایە کەرتی تایبەتیش خاوەنی گوتارێکی یەکگرتوو بەئامانج نییە، بۆیە کەرتی تایبەت تەنیا وەکو دروشمێکی ئابووری مایەوە کەبۆ پروپاگەندەی بەدیموکراسیکردن و ئابووری بازاڕ دەست دەدات، ئەمڕۆ ئەوەندەی کەرتی تایبەت لاوازو بچووکە کەرتی گشتی حکومی فراوان و گەورەیە بەقەبارەو بچووکە بەناوەڕۆك. ئەوەتا ١٠٥٠٠٠٠ فەرمانبەر لەحکومەت دامەزراوەو بەدەیان دامودەزگا کارەکانی لەسێ پارێزگا بەڕێوەدەبەن و زۆرترین بوودجە بۆ بەگەرخستنە نەك وەبەرهێنان، کەرتی حکومی لەرووی یاساوە لەکەرتی تایبەت باشترە، نەبوونی مووچەی خانەنشینین و سلفەی عەقارو وەرگرتنی زەوی و ئیفادو زەوجی و مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ئافرەتان و دەیان ئیمتیازی تر هەر هەمووی لە کەرتی حکوکەتدایە.

گەر بێتوو حکومەت نەتوانێت سەرمایەداری ناوخۆ راکێشێتە بواری وەبەرهێنانەوە ئەوکات ئەنجامدانی ئەو هەموو پرۆژەو پێداویستییە بەردەوامانە لەتوانایدا نییەو ناتوانێت توانا مرۆیی و ئابوورییەکان بەرەو گەشەکردن بەرێت.

١٣.لەلایەکی ترەوە کۆمپانیا گەورەکان لەبازارەکانی عێراق و کوردستان بوونیان لاوازەو سنووردارە لە١٢٠٠ کۆمپانیای بیانی ٦٢٠ کۆمپانیایان تورکین، کۆمپانیا عێراقییەکانیش تەنیا نزیکەی ٨ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان هەیە، هاوکات زیاتر لە٩٥٠٠ کۆمپانیا بوونیان لەم هەرێمەدا هەیە، کەچی نەیانتوانیوە رۆڵێکی نیشتمانی ئەو تۆیان هەبێت، ئەمەش بۆ کەمی و لاوازی بوونی سەرمایەداری نیشتمانی دەگەڕێتەوە.

ناهاوسەنگی داهات و خەرجییەکانی تاکەکەسی.

شکست بۆ بیزنسکارانی کوردستان دەهێنێت یەکێك لەهۆکارەکانی بێ بەهاکردنی دراوو کەمبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی لەم وڵاتە بۆ گرانی نرخ و بەهاکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە کەدیاردەی هەڵاوسانی نرخەکانی دروست کردووە، هۆکارەکەشی بۆ مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و بازاڕو خۆدەوڵەمەندبوونی تاقمێك لەسەر حسابی زۆرینە دەگەڕێتەوە، بازاڕێك ئەخلاق و بنەماکانی ئابووری بازاڕ نایگرێتەوە ئەمەش وایکردووە فەرمانبەران و خاوەن داهاتە مامناوەندییەکان سوود لەو زیادەیە نەبینن کەلەچوار ساڵی رابردوودا هاتبووە سەر مووچەکانیان. بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی دوا ئامانجە لەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا،چونکە بەبەرزبوونەوەی ئەم داهاتە سەرجەم کەرتە ئابوورییەکانی وڵات توانای گەشەکردنیان دەبێت و، خواست بۆ کاڵاو خزمەتگوزارییەکانیان زیاد دەبێت و بازاڕەکانی کوردستان ئاڵووێرو جموجوڵێکی بازرگانی باشی تێدەکەوێت، تەنانەت دارمانی زۆر لەئابوورییەکانی وڵاتان پەیوەندی بەهەژاری و بێکاری و تێکچوونی سیستەم و بڵاوبوونەوەی پەتاو کەوتنەوەی کارەساتەکانەوە هەبوو، کەلەهەرهەموویاندا دەرئەنجام داهاتی تاکەکەسی دووچاری کەمبوونەوە هات. خێزانی کوردستانی گەر بێتوو ئەندامەکانی چەند مووچەیەك وەرنەگرن بەشی بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەیان ناکات، ئەمە گەر بێتوو کرێچی یاخوود دووچاری نەخۆشی گەورە نەبن، کە بەتەواوەتی هەژار دەبن.

چی بکرێت باشە تاوەکو دەوڵەمەند بکرێتە بیزنسمان و سەرمایەداری نیشتمانی؟

هاتنە دەرەوەی حکومەت لەئابووری بازاڕ و رووکردنە چارەسەری کێشەکان و دەست تێوەردانێکی زانستییانەو سنووردار لەلایەن خوودی حکومەتەوە، بەسەرەتای چارەسەرکردنی تێکچوونی بواری ئابووری، هاوکات هەردوو یاسای پاراستنی بەرهەمهێنان و پاراستنی مافی بەکارهێنەر دەربچێت کەئێستا لەپەرلەمانی کوردستانە، هەروەها دانانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی وجێبەجێکردنی یاساکانی کار لەکەرتی تایبەت بەتایبەتی گۆڕینی یاساکانی کارگێڕی لەکوردستاندا کەیاسای کۆنن و زیانیان بەئابووری کوردستان گەیاندووە، لەگەڵ دۆزینەوەی هەلی کارو دامەزراندن چینی ناوەند پێگەی راستەقینەی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆیە کارکردن بۆ دەرکەوتن و گەڕانەوەی پێگەی چینی ناوەند ئەو چینەی کۆمەڵگاکانی کۆریای باشوورو تایلەندو مالیزیاوتایوان و ئێندۆنیسیای بۆ پێشەوە برد پێویستە لەریزبەندی پێشەوەی بەرنامەو کارەکانی حکومەت بێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە گرنگی بەپرۆژەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ بدرێت و کاتی ئەوەهاتووە ئێمە بەسەرمایەدار بڵێین چیمان پێویستەو لەچی سێکتەرێکدا ئیمتیازو ئاسانکاری و یارمەتی هەیە.

نەوت و بەشە داهاتی کوردستان نابێتە هۆکارێك بۆ دەوڵەمەندبوون بەڵکو ئەم داهاتە ئاراستەی پرۆسەی پەرەپێدان دەکرێت و سەرمایە چی تر بەپاشەکەوتێکی مردوو نامێنێتەوەو ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی جیهان دەبینە خاوەنی سەرمایەداری نیشتمانی.

**لەم هەرێمەدا سەرمایەدار بازاڕو ئابووری، دروستی نەکردووە، بەڵکو دۆخێکی ناسروشتی و ململانێی سیاسی دروستی کردووە**

**مەرجی سەرکەوتنی هەموو حکومەتێک بوونی کۆمپانیاو دامەزراویبوونی کەرتێکی تایبەتی بەهێزە**